کۆمەڵێك پەنابەری کورد بەزۆرە ملێ دیپۆرتی فرۆکەخانەی بەغداد کرانەوە.

دڵشاد رەسوڵ

بۆ ماوەی چەند رۆژێکە پۆلیسی پەناهەندەی وڵاتی نەرویج دەستی کردوە بەدەست گیرکردنی چەند پەنابەرێکی کورد. بەشێوەیەکی نهێنی زیندانی کراون دوور لە چاوی میدیاکانی ولاتی نەروج هەروەها رێگایان پێ نەداون تەنها پەیوەندی بکەن بە پارێزەرکانیانەوە.

پەنابەرانی دیپۆرت کراو بە 50 کەس ئەژمار ە ئەکرێت لە ناویاندا چەند خانەوادەیەك بەدی ئەکرێت .

هەروەها بەشێکیش لەوە پەنابەرانە پێش چەند مانگێك ناوی خۆیان تۆمار کردوە بۆ گەرانەوە بە ئارەزوی خۆیان لە رێگای رێکخراوی ( ئای ئۆ ئێم ) ی جیهانیەوە .



بەلام بەداخەوە ئەم جۆرە دیپۆرت کردنەوەیە لە گەڵ هیچ بنەمایەکی یاسیاو نیایەتەوە چونکە ئەو پەنابەرانە خۆیان ئامادە باشیا پیشان داوە بۆ گەرانەوە بە شێوازێکی یاسای بۆ ئەوەی ئەو مافانەی هەیانە لە دەستی نەدەن ئەفسوس بۆ جارێکی تر بەشیوەیەکی نهینی بۆندێکی تری بازر گانی کردن بە پەنابەرانی کوردەوە واژۆ کرا هەر چەند بەر لە چوار هەفتە لەمەوبەر  باڵوێز خانەی عێراق لە کۆبونەوەیەکدا لە گەڵ حزبە عێراقیەکان کۆبووە پێ راگەیاندن چیتر وڵاتانی ئەوروپا ناتوانن پەنابەرانی بێ پاساپۆرت  دیپۆرت بکاتەوە بەپێ ئەو رێکەوتن نامەی کە لە نێوان وڵاتانی ئەوروپا و عێراق واژۆ کراوە .

بەلام بەشێکی زۆری لە دیپۆرتکراوەکان بێ پاسەپۆرتن و بگرە هەڵگری هیچ ناس نامەیەکی عێراق نین . بەپێ ئەو بەدوا چونەی کە موف کۆمیتە کردۆیەتی هۆکاری ئەم شێوە دیپۆرتکردنەوەیە دەگەرێنیتەوە بۆ ئەوی دیپۆرتکراوان بە شێوەیەکی ئاسان نەگەرێنەوە بۆ نەرویج و وڵاتانی ئەوروپا حوکومەتی نەرویج دڵنیا بوو لەوەی کە بەشێك لەوانە بەئاسانی  لە رێگای جۆرا جۆرەوە ئەگەرێنەوە بۆیە پەنایان بردە بەر ئەوە شیوە دیپۆرت کردنەوەیە..

بەناوی موف کۆمیتەوە کەرێکخراوەێکە کار بۆ خواسەتەکانی پەنابەری ئەکات لە وڵاتی نەرویج دوا لە حولومەتی هەرێم و ئەو نوێنەرانەی کە هڵبژێردراوی کوردن لە بەغدا هەوڵدەن بە هەڵوەشان دنەوەی ئەو گرێ بەستەی کە لەسەر چارەنوسی میلەتی کورد کراوە لەگەڵ ولاتانی ئەوروپادا بۆ ناردنەوەی پەنابەرانی کورد بۆ بەغدا هەرچەندە حوکومەتی نەرویج ناتاونێت هیچ پەنابەرێک بەزۆرە ملێ بنێرێتەوە بۆ کوردستان بەڵام لەرێگای بەغداوە هاوڵاتیانی کورد رەوانە ئەکرێنەوە ئەمەش مایەی نیگەرانیە کە کوردان بەم شێوەیە دیپۆرت ئەکرێنەوە..